# له دامودەزگاكانی حكومەت شوێنی ژنان له كوێیه!

## تامان شاكر

یاشەوكەت ژنێكی بەساڵاچوی دراوسێمان بوو له كۆیه، چوو بوو بۆ حەج. كاتی گەڕانەوەی خەڵكی گەڕەك و بەتایبەتی ژنان چوون بۆ لای بۆ بەخێر هاتنەوەی. لێیان پرسی حەج چۆن بوو رێگا چۆن بوو ؟ یاشەوكەت له وەڵامدا وتی یاخودا هەرچی موسوڵمانه رێی نەكەوێته ئەم رێیه .

من نامەوێ باسی ڕێگای حەجتان بۆ بكەم و پێموایه لە ژیانیشمدا رێم ناكەوێته ئەم رێیه، بەڵام منیش دەڵێم یاخودا هەرچی ژنه رێگەی نەكەوێته فەرمانگەكانی حكومەتی كوردستان.

له ماوەی ئەو دوو مانگەی له هەولێر بووم، رێگەم كەوته چەند دامودەزگایەكی حكومەت ئەوەنده ماندویان كردم له رێگەی حەجەكەی یاشەوكەت زەحمەت تر بوو.

له یەكێك له فەرمانگەكانی شاری هەولێر خەڵكێكی زۆر وەستابوون و كاتژمێر 9،27 دەقەی بەیانی بوو هێشتا كارمەندەكانی بەشی خۆیەتی نەهاتبوونه سەركار، منیش سەیرێكی ژوورەكەم كرد، وێنەیەكی گەورەی بە هەشتی بارزانی به دیواری ژوورەكه هەڵواسرابوو، لەوە دەچوو گوزارشت له خۆشەویستی و دلسۆزیان بكات بۆ كوردستان. خۆزگە ئەو فەرمانبەرانه وێنەكەی بارزانیان بچووك دەكردەوەو دلسۆزانەتر كاریان دەكرد و ئامێریكی فاكس كه واپێدەچوو له بیریان كردبوو بیكوژێننەوە، هەركاری دەكرد وادیاره بێئاگابوون لەوەی كارەبا ئەوەنده پێدەبێت و دەكوژێتەوه لەوانەیه ئامێرەكەبسووتێنێت. زەرەر بە مولكی گشتی بگات و چوار مێزی بەتاڵیان بۆ هاولاتی بەجێنەدەهێشت و كاتی دەستپێكردنی كارەكەیان له بیر نەدەكرد.

كاتێكیش یەكێك له فەرمانبەرەكان هات پیاوەكان هێرشیان بردو له دەوری مێزەكه كۆبوونەوەو بە شێوەیەك فەرمانبەرەكە نەدەبینرا و شوێنێك بۆ ئێمەی ژن نەمایەوه هەرچەنده ئێمه زۆر زووتریش لەوێ ئامادەبووین .

ئێمەش ناچار بووین چاوەڕێ بكەین و هەرپیاوێكیش دەهات ، دەچووه ناوپیاوەكانەوەو كارەكەی خۆی جێبەجێ دەكردو دەرۆیشت، ئێمەش وەستا بووین سەیری ئەو دیمەنەمان دەكرد . دەچیته ناو ئەو هەموو پیاوه لەوانەیه بەبێ شەرم و بێ رەوشتت لەقەڵەم بدەن و چەند دەستێكیشت پێبكەوێت. هەندێك چاوبرسیش خۆیانت پێوه بنوسێنن . ناچی دەبێت له چاوەڕوانیدا بمێنیتەوه. هەندێك جاریش لەبەر ئەوەی تۆ حورمەیت و زەعیفەیت لەوانەیه خێرەو مەندێك هاوكاریت بكات .

هەندێ دامودەزگاش بۆته شوێنی چای و قاوه خواردنەوه و ئەوەی دەچێته ژوورەوه نایەته دەرەوە، خەڵكیش له دەرەوه چاوەڕوانن و ئەوانەی میوانیشن هەست بەوە ناكەن كه خەڵكێك لەدەرەوەچاوەرێ دەكەن ، بەڕێوەبەری بەڕێزیش كەسێكی لەبەر دەرگا داناوه وكۆنترۆڵی ئەو

دەرگایەی پێدەکات  تەنها ئەو بڕیار دەدات کێ دەچێتە ژوورەوەو کێ لەبەر دەرگا دەمێنێتەوە. لە دەزگاکانی کوردستان کاتی میوانداری و کاتی کار دیار نییە، ئەوەی دۆست و ناسیاو وبرادەر بێت ئەو لە پێشەوەیەو هاولاَتیش با چاوی دەرچێ و چاوەڕێ کات . هەندێك لەو بەڕێزانەش بیرۆکەیان وەك عیادەی دکتۆرەکانی کوردستانی لێهاتووە، بەلاَم نازانم کامیان لەوەکەی تر فێری ئەو کەلتوورە بووە. خەڵکێکی زۆر بەیەکەوە دەبەنە ژوورەوە ، بیرلەوە ناکەنەوە کەسانێك هەن نایانەوێ کێشەکانیان خەڵکی تر پێی بزانێت یان شەرم دەکەن لە بەرچاوی خەڵك باسی کێشەکەی خۆیان بکەن بە تایبەتی ژنان . لە زۆربەی ولاتانی دونیادا لە کاتی سەردانی دامودەزگاکاندا خەڵك ژمارەیەك رادەکێشێت و چاوەڕێ دەکات تا نۆرەی دێت .شتێك هەیە لەوێ پێیدەڵێن نهێنی کەسی ودەبێ بپارێزرێت و نابێ کەسانی تر پێی بزانن ، بەداخەوە ئێمە رێزی ئەوە ناگرین .

لەم مانگەدا بەبۆنەی رۆژی جیهانی ژنانەوە چەندین سیمینارو کۆڕو کۆبوونەوە کراو زۆریش بەشان و باڵی ژنانیان هەڵدا و چونکە ژنانیش لەراپەڕین رۆلی گرنگ و بەرچاویان هەبووەو پاڵپشتی پیاوان بوون لە خەباتی شاخ و شاردا.

هەندێك دام دەزگاش خەلاَتیان بەسەر ژنان لەم رۆژەدا دابەش کرد ، هەڵسوڕێنەری کارو باری ژنان، لە جیاتی بەشینەوەی  فلْچەو کرێمی دادان، دەبوایە لەم رۆژەدا هەوڵبدەن مافە بچووکەکانی ژنانیان دەستەبەر بکردایەو شوێنێکی تایبەتیان بۆ ژنان دابین بکردایەو بەرەسمی داوای ئەوەیان بکردایە کە لە هەموو ئەو شوێنانەی هاولاَتیان سەردانی دەکەن ریز هەبێت، باشتر بوو لەو فلْچەو کرێمی دادانە.